www.kurdistannet.org
22-4-2003 22:41

# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز کاك مەسعود

کاروان ئەنوەر

بەڕێزم سلاو

مانگی ئەیلولی سالی ١٩٨٨ بوو، لە زانکۆی موسڵ فێرخواز بووم، لەو دەمەدا هەڵمەتی ئەنفالی هەشتی ناوچەی بادینان لە گەرمەیدا بوو، بە چاوی خۆم ماڵ وژن و کچ و ئاژەڵی بادینانم بینی لەناو ئیڤای سەربازییەوە بە تالان دەبران و لە بادینانەوە بۆ ناو شاری موسڵ دەهێنران، لە دەروازەی ئەو شارەدا لە گەڕەکەکانی (حی العربی وحی المجموعه الثقافیه والرشیدیه) نزیك لە زانکۆ، ژنانی موسڵ لەمبەر وئەوبەری شەقامەکانەوە بە هەلهەلەو چەپڵەو هۆسە پێشوازییان لەو سەرکەوتنەی سوپای بەعس دەکردو تفیان لە دەموچاوی کوردە بە ئەنفالکراوەکان دەکرد، سەربازەکانیش مەڕومالاتی بە تالانکراو وکەلوپەلی ناو ماڵیان بەسەر ئەو ژنانەدا دابەشدەکردو، خوا دەزانێت کچ وژنەکانیان بۆ کوێ بردین. .

لەو رۆژانەدا دەنگێکمان نەبیست باس لە تالانی بکات، ویژدانێکمان نەبینی بجووڵێو بڵێ خۆ کوردیش مرۆڤن، بۆچی سەرو ماڵیان بە ئێمە حەلاڵ بێت؟!! ئێمە دەسووتاین و ئەوانیش لە بەزمی سەرکەوتندا بوون بەسەر کچان و ژنانی کوردستاندا، بەلام هەرگیز ئەوەم لەبیر ناچێت کە هاوڕێ موسلاوییەکەم وتی ئەمشەو براکەم کە ئەفسەرە لە سوپای عیراقدا، لەماڵەوە ویستی بە دەمانچە خۆی بکوژێت چونکە لە ناوچەی (حەزەر) نزیکەی ١٦ هەزار کوردی بینیبوو کە دیل کرابوون، لەو بیابانەدا بەبێ ئاوو خواردن دانرابوون، زۆربەیان ژن و منالّ بوون، کوردەکان زۆربەیان هەر لەوێدا مردن، ئەویش بە بینینی ئەو دیمەنە تووشی هستیریا ببوو، بۆیە هەر ئەو شەوە ویستبووی خۆی بکوژێت. .

ئەمڕۆ تەرازووی هێزەکان گۆڕا، گەورەترین هێزی سیاسی و ئابووری و تەکنۆلۆژی لەگەڵ ئێمەیە، ئەمەش بۆ یەکەم جارە لەمێژووی کورددا. . بۆیە دەبوایە هەر ئەو شەقامەی کە ئەنفالەکانیان پیادا هێنایە ناو شاری موسڵ، هێزەکانی پارتی و سوپای کوردستان لەوێوە جاڕی ئازادی کوردیان بدایە و تەنها ئەوەندەیان بەبیری کوردو عەرەب وجیهاندا بهێنایەتەوە کە ئەم سوپایە لەنەوەی ئەنفالکراوەکانن. . هەر ئەوەندە.

بەڕێزم

من کە وتارو لێدوانەکانی جەنابتانم خوێندەوە لەرۆژنامەی الحیاه وکریستیان ساینس مۆنیتەرو رۆژنامەکانی تردا، کەداوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە دەکەیت لەناو شاری کەرکوك، بە راستی ئەو رۆژانەی ئەنفالەکانم وەبیرهاتەوە کە تەنها گریانمان بۆ مابوویەوە، کەچی ئەمڕۆ لە هەلێکی زێڕینی ئاوهادا، باسی دۆڕاندنی کەرکوکت کرد بۆ هەتا هەتایە. .

بەڕێزم

ئەو لێدوانانەت کە من دەزانم لە دڵسۆزیتە بۆ میللەتی کورد، بەلام بۆ هیچ کوردێك مژدەبەخش نەبوو، بەڵکو ئەو چەند ساتە خۆش ومێژوویییەی کوردی ترسناك کرد، کاری لەو حاڵەتە شاگەشکە ئاسایە کرد کە کورد دەمێك سالە خەونی پێوە دەبینن، بۆیە خۆزیا و هەزار خۆزگە تەنها بۆ چەند رۆژێك ئەو خۆشیەی کورد بەردەوام بوایە بەتایبەت کە لێدوانەکانی بەڕێز عبدالله گوڵ زۆر لەبەرژەوەندی گەلی کوردی داماو بوو. .

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.